Sorani سۆرانی

VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN
REGIONHÄLSAN

زانیاری بۆ ئەو نەخۆشانەی کە دووگیانن و کارکردنی ڕژێنی دەرەقی (ثیرۆییید)یان شێواوە

مامانەکە لە سەرەتای دووگیانیدا پرۆفی خوێن جۆری (TSH) لە هەموو ژنە دووگیانەکان وەردەگرێت بۆ زانینی چۆنیەتی کارکردنی ثیرۆییید. جا گرنگە بەرزی و نزمی کارکردنی ثیرۆییید بدۆزرێتەوە و چارەسەر بکرێت.

ڕەنگە کارکردنی ثیرۆییید بە شێوازی جۆراوجۆر جیاوازی هەبێت:

- ڕەنگە کارکردنی ثیرۆییید تەواو ئاسایی بێت
- نزمی کارکردنی ثیرۆییید (هایپۆتیرۆس hypotyreos) واتە کەمی هۆرمۆنی ثیرۆییید (ثایرۆکسین tyroxin) وە لەو حاڵەتەدا ڕێژەی TSH بەرز دەبێت. ئەم دۆخەش ئاساییە. بە دەرمانی (لیڤاکسین ®Levaxin) چارەسەر دەکرێت.
- ڕەنگە مرۆڤ کارکردنی ثیرۆییدی بەرزبێت کە پێی دەگووترێت (هایپەرتیرۆس hypertyreos)، لەو حاڵەتەدا مرۆڤ ڕێژەی (ثایرۆکسین tyroxin)ی بەرزە. جا لەم دۆخەدا ڕێژەی TSH ی نزم دەبێت. ئەم دۆخە کەمتر ئاساییە لە چاو نزمی کارکردنی ثیرۆییددا. هەندێک جار پێویستە مرۆڤ دەرمان وەرگرێت یان نەشتەرگەری بۆ بکرێت.
- ڕەنگە مرۆڤ کارکردنی ثیرۆییدی تەواو ئاسایی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پروقەکانی لە میانەی دووگیانیدا شێواندنێک پیشان بدەن . ئەمەش پەیوەستی بەوەوە هەیە کە لەش هۆرمۆنی تر بەرهەم دێنێت کە لە میانەی دووگیانیدا سەر لە مرۆڤ "تێک دەدەن" کاتێ پرۆف وەرگرتن وە بەهەڵە ئەوە نیشاندەدەن کە شێواندێک لە کارکردنی ثیرۆییددا هەیە. ئەم دۆخەش بە دووبارە وەرگرتنەوەی پرۆف دەدۆزرێتەوە.

☐ تۆ ڕێژەی ثیرۆییدت بە تەواوی ئاسایی یە.

☐ تۆ ڕێژەی TSH ت بەرزە، کە واتای ئەوە دەگەیەنێت کارکردنی ثیرۆییدت **نزمە**.

☐ تۆ ڕێژەی TSH ت نزمە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ **یان کاری ثیرۆییدت تەواو ناساییە** بەڵام تێکچوونی ڕێژەکەی کاتیە، یان **کارکردنی ثیرۆییدت بەرزە**. تۆ پەیوەندیت پێوە دەکرێت بۆ ئەوەی پرۆفی ترت لێوەرگیرێت بە مەبەستی تەواوکاری و ئەگەری ئەوەش هەیە دکتور زانیاریت بداتێ.

ئەگەر کاری ثیرۆییدت نزم بێت و پێویستیت بە لیڤاکسین بێت :
زۆرێک لە ژنانی دووگیان بە لیڤاکسین چارەسەر دەکرێن وە هیچ مەترسیەکی ناسراو لە ئەنجامی چارەسەریەکەش لە میانەی دووگیانیدا بەدی نەکراوە. ڕەنگە هەندێک ژن هەست بە لایەنێکی نەخوازراوی لاوەکی بکەن، بۆ نموونە دڵەکوتێ، هەستکردن بە گەرمی لە لەشدا یان لەرزین، بەڵام ئاساییترینیان ئەوەیە کە مرۆڤ بەتەواوەتی هەست بە باشی دەکات لە میانەی چارەسەرکردندا بە لیڤاکسین. پێویستە لە میانەی دووگیانیدا ئەندازەی لیڤاکسینەکە زوو زوو چاودێری کرێت ، جا لەبەر ئەوەیە مامانەکەت بە بەردەوامی پرۆفی TSH ت لێوەردەگرێت، زۆربەی کات تا هەفتەی 25 ی دووگیانی. تۆ ماوەیەکی باش پێش لەدایکبوونی منداڵ زانیاریت پێدەبەخشرێت لەسەر ئەگەر/ چۆنێتی دەرمان وەرگرتن پاش لەدایکبوونی منداڵەکە.

☐ تۆ ڕەچەتەی ئەلکترۆنی لیڤاکسینت بۆ نوو سراوە بە ئەندازەی..... ڕۆژی.....
☐ دەشێت ئەندازەکەی بگۆڕێن لە ئەندازەی..... ڕۆژی..... بۆ ئەندازەی..... ڕۆژی.....
☐ تۆ ڕەچەتەیەکی تری ئەلەکترۆنیت بۆ نووسراوە بە ئەندازەی..... ڕۆژی..... کە پێکەوە لەگەڵ دەرمانەکانی پێشوودا هەتبوون کە پێکەوە دەبن بە ئەندازەی..... ڕۆژی.....
☐ دەشێت تۆ لەسەر ئەو ئەندازەیەی ئێستات بمێنیتەوە بە ئەندازەی..... ڕۆژی.....
☐ پاش منداڵ بوون دەشێت ئەندازەکەی بگۆڕیت بۆ: ئەندازەی..... ڕۆژی.....

پرۆفی ئایندە وا دانراوە نزیکەی پاش ..... هەفتە لێوەرگرن. مامانەکەت زانیاریت لەسەر کات و شوێنی پرۆفوەرگرتنەکە دەداتێ.

بۆ تۆ کە بە لیڤاکسین چارەسەر دەکرێیت :
لە یادت نەچێت کە دەرمانی ئاسن و لیڤاکسین پێکەوە لەیەک کاتدا نەخۆیت، جونکە ئاسن ئاستی وەرگرتنی ثایرۆکسین لە لەشدا کەم دەکاتەوە. ئەگەر تۆ ناچاربیت لیڤاکسین و دەرمانی ئاسن لە هەمان ماوەدا بەکاربهێنیت- لێگەڕێ کاتێک دەیانخۆیت لانی کەم دوو کاژێر لە نێوان خواردنیاندا هەبێت.